# هەواڵێک لەنێو دوو کەوانەدا



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێك دەینووسێت

لەوەدابـــووم بیر لە بابەتی وتـــاری ئەم هەفتەیەم دەکردەوە کـــە بەرێکـــەوت هەواڵێکـــم خوێندەوە دەڵێت(حکومەتـــی هەرێـــم بـــڕی «٢٠٠ هەزار دۆلار» بـــۆ نەخۆشـــیەکانی «خوێن و مێشـــك و شـــێرپەنجە و دڵ» تەرخـــان دەکات و، ئەو بڕە پارەیە بەســـەر ناوچەکانی «ســـنوری گەرمیان و کەرکـــوك و قەزای خانەقین» دابەشـــدەکرێت. هەروەك لە درێـــژەی هەواڵەکەدا هاتووە کەوا ئەو پارەیە وەکوو «هاوکارییەك»ە بۆ ئەو کەســـانەی «ئەو نەخۆشـــیانە»یان هەیـــە. لەدێڕی کۆتایی هەواڵەکەدا هاتووە گوایا «تەنها ســـاڵی ٢٠١١، ٢٧٨ نەخۆشـــی شێرپەنجە و ٥١٠ نەخۆشی دڵ و ٥١ نەخۆشی خوێن و مێشك» تۆمارکراون.)

ســـەرلەبەر ئـــەم هەواڵـــە کە هیـــچ مەرجێکی پرۆفیشـــناڵیتی ڕۆژنامەوانـــی تیانییە، چونکە ئەگـــەر ڕۆژنامەنووســـێکی پرۆفیشـــناڵ ئـــەو هەواڵـــەی بهۆنیایەتـــەوە پرســـیار گەلێك هەبوون دەبـــوو بیانکات، چونکە خـــودی هەواڵەکە چەند ڕەهەندێکی سەرســـوڕهێنەر لەخۆدەگرێت، ئەوەندە ڕاچڵەکێنەرە کە ختمیە بەردەم کۆمەڵێك پرسیار: ئایا ئەسڵەن مەبەست لە بەخشینی ئەو پارەیە چییە بەو نەخۆشـــانە؟ تۆبڵێی بۆ ئەوەبێت دواساتەکانی ژیانیانی پێ ببەنەســـەر؟ داخوا هەر نەخۆشـــە چەندی بەردەکەوێت؟ بۆ چ مەبەســـتێك خەرجی دەکات؟ ئایا ئەو بڕە بەشی چەند نەخۆش دەکات، لە کاتێکدا بۆ چوار جۆر نەخۆشـــیە لەنەخۆشیە هەرە سەخت و دژوارەکان! جگە لەوەی تەرخانە بۆ سێ ناوچەی وەکوو سنووری گەرمیان و کەرکوك و خانەقین؟.

بەپێـــی زانینم تەرخانکردنی بودجەیەکی لەمجۆرە بەستراتیژو پلان دەبێت، لانی کەم پێشتر لێکۆڵینەوەی بۆکراوە، هەڵبەتە قسە لە نیەتی بەخشینەکە نییە، کە ڕەنگـــە هەندێك بەبەخشـــندەیی و میهرەبانی پێناسەی بکات و، ئەوەش لەباشترین لێکدانەوەیدا ئەچێتە خانەی «خێرپێکردن»ەوە. بەڵام بەدیوێکی تردا دەبێت بپرسم: ئایا چارەسەری ئەو نەخۆشیانە بەمجۆرەیە؟ ئایا ئەســـڵەن ٢٠٠ هەزار دۆلار کە نرخی تەنیا شـــوقەیەکە لە شوقە گرانبەهاکانی گەڕەکە پێشکەوتوو و کەشخەکانی ناو شارەکانی هەولێر و سلێمانی، مووچەی چەند حزبیەك و چەند وەزیرێکە کە لەباشترین هەلومەرجی تەندروستی و ژیانیدا دەژین و لەباشترین نەخۆشخانەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم چارەســـەری نەخۆشـــیەکانیان دەکرێـــت. هەر بـــەو بڕە پارەیە نرخـــی تێچووی ئاهەنگی هاوســـەرگیری کوڕی یەکێك لە حزبی و وەزیرەکانـــە لەگەڵ، نرخـــی تێچووی مانگی هەنگوینی کوڕ و کچە بەرپرسێکە.

یەك بیردۆز هەیە کە ئەم حزبە دەســـەڵاتدارانەی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیاندا پێدەکەن، ئەویش بیـــردۆزی کڕیـــن و فرۆشـــتن، هەمان بیردۆزمـــانە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بینی وەختێ نەعلی لاســـتیك و دزداشـــەو مەنجەڵی بوخار و دەمانچـــە ئەدرا بەخەڵکی ئـــەو ناوچانە بەرانبەر بـــەوەی لەهەڵمەتـــی هەڵبژاردنەکانـــدا دەنگیان بۆ بدەن، ئـــەم بیـــردۆزەش ئەزموونەکانی مێژوو نشوستیی و فەشەلی پشتڕاست کردەوە.

ئەگەر ژمـــارەی ئەو نەخۆشـــانەی لەســـەرەوە ئامارەکەیـــان هاتـــووە ئەمســـاڵ ٢٠١٢ زیادی نەکردبێـــت دەکاتە ٨٣٩ نەخۆش، ئەگەر ئەو بڕی ٢٠٠ هەزار دۆلاریان بەســـەردا دابەشکرێت، ئەوا یەکـــێ ٢٣٨ دۆلار و ٣٧ ســـەنتیان بەردەکەوێت، کە بە دراوی عێراقی دەکاتە نزیکەی ٣٠٠ هەزار دینار، کە بەشی خواردنی هەفتەیەکی خێزانێکی چوار سەرخێزانی ناکات.

لەمـــە زیاتر کۆمێنت نـــادەم، بـــەڵام هیواخوازم حکومەتی هەرێم لەمە عەقلانیتر بیر لە خزمەتی هاووڵاتیان بکاتەوە، هەڵبەتە مەسەلەکە ئەوە نییە پارەی زیاتر بدرێت بەو نەخۆشانە، چونکە نەخۆش پێویســـتی بە پارە نییە، پێویســـتی بە چارەسەرە، چارەسەریش پێویســـتی بە نەخۆشخانەو دەرمان و پزیشـــك و تەکنیکی تازەو ئیمکاناتی پزیشکی و تەندروستی ســـەردەمییانەو و پێشکەوتووە. ئەوەش بەکەمێك ستراتیژ و پلان و دەسگرتنەوە لە پڕۆژە تایبەتەکان ئەنجام دەگاتە ئامانج.

# لەپشت پەردەوە

ئاشتی عەبدوڵڵا

دوای مردنـــی دایکـــم، ئێمە دوو خوشـــك و برایەك پێکەوە ماینەوە، من و خوشـــکم کاتی شـــووکردنمان هاتبوو یان ڕاستر بڵێم لەگەڵ زەمانـــی ئەم زەمەنـــەدا دواکەوتبووین، براکەم لەئێمە گەورەتر بوو و دەبوو ئێستا منداڵەکانی گەورە بوونایە، بەڵام هێشتاکە ژنی نەهێنابوو، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو ژن بهێنێ و لەوە زیاتر کات بەسەر نەچێت.


من و خوشکەکەم زۆر هەوڵماندا ژنێکی باشی بۆ بدۆزینەوە و گرێی بەختی بکەینەوە، لەناو ئێمەدا ئەو شـــتە بەبەخت ناودەبرێت و کەسێك شـــوو نەکات لەوادەی خۆی یان ژن نەهێنێت بەگرێـــی بەخـــت لێکدەدرێتەوە و پێویســـتە بکرێتـــەوە، هەندێکیـــش بۆ ئەو مەبەســـتە ســـەردانی شێخ و دەســـتگرەوە و فاڵچییەکان دەکـــەن تاوەکو گرێی بەختیـــان بۆ بکاتەوە و چەندەها شتی دیکەش لەو پێناوەدا.

زۆر بیرمان کـــردەوە، شـــەوێك پورزازایەکی خۆمان هاتـــەوە یاد کە ئەوانیش خوشـــك و برایەك بوون و کەســـیان لەدنیـــادا نەمابوو، پێکەوە دەژیـــان و نە براکەی ژنی هێنابوو نە خۆی شـــووی کردبوو، کچەکە تەمەنی کاڵتر بوو و دەکرا لەچاو براکەمدا بەبچووك لەقەڵەم بدرێت، بەڵام وتمان تەمەن ڕێگر نییە و من و خوشکەکەم سەردانمان کردن، بەکچەکەمان وت ئەگەر چاوەڕێی کەســـێکی دیاریکراو بکات ئێمە ئەو شـــتە نادرکێنین، بۆمـــان ڕوونبۆوە کەس لەژیانیدا نەبـــوو وەك ئێمە، بڕێك جرین و زیت بوو وەك ئـــەوەی ئەزموونێکی زۆری هەبێـــت لەژیاندا، کچی ماڵـــەوە بوو و تەنیا براکەی ئیشی دەکرد.

پێمـــان وت و چەندەها جار ئەوەمان بۆ دوپات کردەوە کە براکەمان کەســـێکی باشـــە و سڵ لەو تەمەنەی نێوانیـــان نەکاتەوە، ئەو ڕازی نەبوو و دواجار پێی وتین پێویستە براکەی لەو مەســـەلەیە ئاگادار بکاتەوە، هەڵبەتە ئەوەش نەك بە ویســـتی ئێمە، بەڵکو ژن و ژنخوازیی لەم وڵاتانەی وەك ئێمەدا هەر بەو شـــێوەیەیە و دەبێت کەســـانی گەورە لێـــی ئاگاداربن و بەرەزامەندی هەردوو لا ئەوە بکرێت.

پاش ماوەیەك تەواو ڕازی نەبوونی خۆی پێ ڕاگەیاندین و ئێمەش چەندین شتمان پێوتەوە، سوودی نەبوو، بەدوای کەسی شیاوی دیکەدا دەگەڕایـــن و براکەم هیچ چانســـێکی نەبوو لەهیچ کامیاندا، دەتوت لەوەچەکەی ئەو هەمموو شوویان کردبێ بۆیە کەسێکمان نەدەدۆزییەوە، ئەگەر بڵێی براکەشـــم بەهۆی ئیش و کارەوە نەدەپەرژا خۆی کەسێك بدۆزێتەوە کە ئەمەیان ڕێگەی تەندروست و گونجاوە، لەوڵاتێکدا کە پێوەندییەکان لەســـەر بنەڕەتی دامودەزگاکان نەبن چۆن دێنە کایـــەوە؟! واتە دامودەزگای کۆمەڵایەتی پێوەندی کۆمەڵایەتی دروســـت دەکات.

ڕۆژێك کچـــە ناســـیاوەکەمان خۆی هات و چاوەڕوان نەکراو پێی وتین پێویســـتە لەگەڵ براکەماندا قسە بکات، خۆشحاڵ بووین و ئیتر کار گەیشتە ســـەر ئەوەی داوای ئاڵتوونێکی زۆری کـــرد لەبەرئەوەی دێتە ســـەر ماڵ و مادامەکـــی ماڵی بۆ ناکرێـــت دەبێت مافی ئەوەی هەبێت ئاڵتونێکی باشی بۆ بکات ئەمە جگە لەجیاوازی نێوان تەمەنیشـــیان، براکەم ڕازیبـــوو و هێنـــای، گرێی بەختی هەمـــوو کرانەوە کـــە نازانین چەند بوون.



لەهەفتەیەکدا دوو شـــەو دەچووەوە لای براکەی، بەڵکو دەبووە ســـێ شـــەو و ئەمـــەش لای هەمموومان شتێکی ناخۆش بوو، لەو ڕووەوە دەنگـــە دەنگ کەوتە ماڵمانـــەوە، براکەی هـــات و بەشـــێوەیەکی ناخـــۆش بەرپەرچـــی دەدایـــنەوە، براکـــەم پێـــی ڕاگەیاند کە لەهەفتەیەکدا جگە لەشـــەوێك زیاتر بۆی نییە بڕوات و ئێستا ماڵە مێردی هەیە نەك وەك جاران بیربکاتەوە، براکەی منداڵ نییە و لەو تەنیاییەی ڕادێـــت و یان ژن دەهێنێ و چەندەها شتی دیکە لەو بارەیەوە.

دواتر زانیمـــان کە براکەی بەبراکەمانی وتبوو ئەو خوشـــکەی سکاڵای هەیە و نابێت براکەم زۆر لەگەڵ ژنەکەیدا بخەوێت، لەهەفتەیەکدا تەنیا جارێك بۆی هەیە و لەو شتە نەشیاوانەش کە هەرگیز نابێت بوترێـــن. براکەم وردە وردە بێتاقەت دەبوو و چ ڕۆشناییەك لەڕوخساریدا نەمابـــوو، براکەم بڕیاریـــدا نەهێڵێت بچێتەوە ماڵی خۆیان ئەگەر لەگـــەڵ خۆیدا نەبێت.

ڕۆژێك براکەی هات و کەوتە باوەشـــکردنی خوشکەکەی، ماچی کرد و بینیمان دەمیشی ماچ کرد، وەك دوو دۆست کەوتنە ماچکردنی دەمی یەکتر و ئێمە تەواو ســـەرمان سوڕما لەو ڕەفتـــارە ناوازەیە، لەپاشـــاندا ئەوەمان بەبراکەمان ڕاگەیاند کـــە تەواو ماڵەکەی لێکردینە دۆزەخ و لەوەدابوو بڕیار بدات تەواو لێی جیاببێتەوە.

بەڵێ ئەو ڕۆژە هـــات و لەیەکتر جیابوونەوە، من هەرگیز شـــتی خراپ ناڵێـــم و نەریتمان وایە شتێك بەچاوی خۆمان نەبینین مەزندەی نەکەین، واتـــە پێوەندییەکی نهێنـــی لەنێوان ئەو خوشـــك و برایەدا بوونی هەبوویێت، بەڵام کەسانێك لەپێش چاوی دوو کەسدا دەم بخەنە دەمـــی یەکترەوە دەبێت چیتـــر بهێڵدرێتەوە بۆ وتن؟! لەپشت پەردەوە دەیان پرسیاری تر بوونی نەبێـــت و بەخەیاڵدا نەیەت چی تر بێت؟! یان بۆچی ڕێگـــەی بەخۆی دا شـــوو بکات و ڕێی پێبدرێت ئەو شووە کاتییە بکات؟! ئەمە دزێوکردنی وێنەکەی مـــرۆڤ نییە لەلامان ئەوەنـــدەی وەئاگابێینەوە و باشـــتر شـــتەکان ببینین، یان ئەو شتانە بهێنینە بەر باس کە تابـــۆن و کەس دەرەقەتی وتنیان نایەت.

# خەونەکانمان لەنێوان ڕاستی و خەیاڵ

شادی زەلمی

لەسەر کورسیەکەی یاری دەکرد و خۆی بەلای ڕاســت و چەپدا دەســوڕاند، وەك ئەوەی بڵێت دەیویســت پێش بگرێت بەململانێی دەروونی و ڕابکات لەو بارەی کە تێیدایە و لەناخی خۆیدا تێکشــکاوە، ئــەوەی بەبیریدا دێــت و خەونی پێوەدەبینێت و چاوەڕوانییەتی، بۆی نایەتە دی. ســنوورێك نییە بۆ ئەو شتانەی بەبیریدا دێت و هەستی پێدەکات، ناچوونیەکیەکی زۆر بەسەریدا زاڵــە. هەســت دەکات کە هاتنــەدی خەونی گەورەی هێشتا دوورە، هەموو ڕۆژێك لەگەڵی دەژی، لەناخیدا جیهانێکی تری دروست کردووە و تیایدا دەژی.

لەڕاســتیدا لەوانەیە زۆر شارەزایی نەبێت لەسەر ئەو شتەی کە خەونی پێوە دەبینێت، لەتواناشیدا نەبێت پێشــبینی بکات کە ئەو خەونەی کەی دێتــە دی، یان لەوانەشــە هەر بــۆی نەیەتە دی و خەونەکــەی، لەمەخزەنــی خەونەکانیدا بمێنێتەوە، لەوانەیە وەکو هەناســەدان بمێنێتەوە کە بــۆ بەردەوامی ژیان پێویســتە و بەهۆیەوە گەشەدەکات، یان ئەو خەونە شایەنی ئەوە نەبێت کە لەپێناویــدا تێبکۆشــێت و قوربانی بدات، چونکە بەندە بەشتێکەوە کە لەبنەڕەتەوە باوەڕی پێی نییە، ئەوەی کە وادەکات باوەڕت بەهاتنەدی هەبێت لەژیاندا، ئەو شــێواز و ڕێبازی ژیانەیە کە لەسەری دەڕۆیت و باوەڕت پێیەتی، کەواتە لێرەدا لەخۆمان بپرســین کە خەونمان بەهەرچی شتێکەوە بینی مەرجە بێتەدی؟، لەڕاستیدا خەون لەڕوانگــەی باوەڕبوونەوە ســەرچاوە دەگرێت، تــا بەدی بێت، گەورەتریــن نهێنی توانای ئەو کەســەیە کە تــا چەند دەتوانێت ئــەو ڕووداوە گرنگ و خەونانەی خۆشی دەوێن ڕاببکێشێتە ناو ژیانی خۆی و هەستی پێ بکات و لەگەڵی بژی، لەبیرمان نەچێت کە هیچ شــتێك مەرج نییە تەنیا تێکۆشــان و باوەڕبوون بەو خەونەی بۆ هاتنەدی تێدەکۆشی بەســە بۆ هێنانە دی و گەیشــتن پێی، هیچ سنوورێك نییە بۆ هێنانەدی خەونەکان، چونکە مرۆڤ وزەیەکی زۆری هەیە کە کاری پێنەکردووە، زۆربەی ئەو کەسانەی لەژیاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لەڕاستیدا بەشێکی کەم لەتوانای خۆیان بەگەڕ دەخەن، لەگەڵ ئەوەشــدا هەستەکانمان ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لەدیاریکردنی ڕێژەی سەرکەوتن لەبەدیهێنانی خەونەکان، هەندێك کــەس وا دەڕواننە مرۆڤ کە لەهەموو شــتێك گەورەترە و وشــەی نابێت و نییە لەقامووســیاندا بۆیــە ئــەوەی دەیانەوێت بەدەســتی دێنن و ئەو خەونەی دەیانەوێت دەیهێننە دی، چونکە وزەیەکی زۆر ســەرف دەکەن و خۆیانی بۆ ماندوو دەکەن، واتە یەکەمین جار لــەڕووی دەروونییەوە خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن.

ئــەو خەونانەی کــە نایەنە دی زیاتــر پێوەندی بەوەوە هەیە کە لــەڕووی دەروونییەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکردووە وە باوەڕمــان پێی نییە لەناخەوە کە لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیاندا بەدی دێت، بۆ نموونە: کەسێك خەون بەوەوە دەبینێت دەوڵەمەند بێــت و پارەی زۆر بێت، بەڵام لەڕاســتیدا خۆی کەســێکی قەرزار و بێ پارەیــە، بۆیە بێ هیوا دەبێــت و هاتنەدی ئەم خەونە بــەدوور دەزانێت، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی دروست مامەڵەبکات و پلانی بۆ دابنێت بەشــێوەیەکی کرداری بێگومان لەموستەحیل دەردەچێت و دێتە دی.

دلڤین قادر مامۆســتایە و تەمەنی ٢٥ساڵە زۆر گەشــبینانە لەم بارەوە دەدوێت و دەڵێت «پێویستە خــەون ببینین بەداهاتووی خۆمانەوە و ئاســتی خەونەکانمــان زۆر زیاتــر بێت لــەوەی کە بیری لێدەکەینــەوە و مەرج نییــە هەمووی بەدی بێت، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەتوانین بەشــێکی زۆری بەدی بهێنین، بەڕای ئــەو دەبێت بەردەوام خەون ببینین و دەڵێت «ئەو کەســەی کە هەمیشــە خــەون دەبینێت کــە لەپێش بێت و پێشــڕەوی بکات لەکارەکەیدا بێگومان دەتوانێت پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت، چونکە ئەو شــتەی باوەڕت پێی بێــت و هەوڵ لەپێنــاوی بدەیت بێگومان لەژیانــدا بەدەســتی دەهێنێــت». ئــەو زۆر گەشــبینانە سەیری خەونەکانی دەکات و دەڵێت «ژیان ئــەوەی فێرکردوین کە هەمیشــە پیاوە ئازاکان دەتوانن کــە خەونەکانیان بەدی بهێنن، ئەوانەی لێبڕاوانە لەپێناویدا تێدەکۆشن».

هاوڕاز عەبدول توێــژەری دەروونییە و پێیوایە کەســایەتی تاك پێویســتە بەهێز بێــت و ئەو کەسەی خەون بەهێنانەدی داهاتوویەکی گەشەوە دەبینێت پێویستە بێ هیوا نەبێت ئەگەر نەیتوانی خەونەکانی بەدی بهێنێت، بەڵکو بەردەوام بێت، هەروەها بەڕای ئەو کێشەکە ئەوەنییە کە «ئێمە خەون دەبینین، بەڵکو ئێمە باســی خەون دەکەین و لەگەڵ بەردەوامی ژیان ئێمەش خەون دەبینین بەپێویســتیەکانی ژیان کە نیمانە، بەڵام کاری لەســەر ناکەین بۆ بەدیهێنانیــان» بەڕای ئەو خەون لەڕاســتیدا بازنەی دەســتکەوتەکانە، و ئەوشــتانەیە کە مرۆڤ دەیەوێــت پێی بگات جەختیشــی کردەوە لەســەر ئەوەی خەونەکانی مرۆڤ بەپێی پێویســتیە ســەرەتاییەکانییەتی کە دەیەوێت پێی بگات دوای پێویستی خواردن و خواردنەوە و جنس و، هەســت کردن بەئەمان، پاشــان دەیەوێت خۆی بەدی بهێنێت لەڕێگەی ئــەو حەزانەی کــە خەونی پێــوە دەبینێت». هەروەها وتیشی نەهاتنەدی زۆرێك لەخەونەکان پێوەندی بەتەمەنی کەســەکەوە هەیە «بۆنمونە منداڵێك خەون بەزۆر شتی نا واقعیەوە دەبینێت یان هــەرزەکارە و دەیەوێت بــگات بەپارەو پلەو پایە، بێگومــان لەگەڵ تەمەنەکەی ناگونجێ، بۆیە پەیوەستە بەکاتەوە».



# ئافرەت ناسی

گەورەتریـــن گرفت دووچاری ئافــرەت دەبێتەوە لەژیانی هاوسەریدا ئەوەیە کە هاوسەرە پیاوەکەی ئافرەت ناس نەبێت، واتە لەڕووی سایکۆلۆژی و جەستەییەوە ئەم بوونەوەرە نەناسێت. ئافرەت حەز دەکات پیاوەکەی بایەخی پێبدات، ڕۆمانسییەت بنوێنێ بەرامبــەری، پێکەوە بگەڕێن، ناو بەناو لەڕیســتۆرانتێك نان بخۆن، ناو بەناو گەشــتێك یان سەیرانێك بکەن، بۆ کڕینی پێداویستییەکانی هاوەڵی بکات لەبازاڕ. وەلی پیاوی ئافرەت نەناس گوێ بەم لایەنانە نادات، بەبیانووی پەیداکردنی بژێوی ژیانــەوە زۆرینەی کاتەکانی بۆ کارکردن تەرخـان دەکات، هەوڵی زۆرکردنی ســەروەت و ســامان دەدات. ئەم جــۆرە پیاوانە وایدەبینن کە دابینکردنــی خانوو و تــەلار و باڵەخانە یاخود ئۆتۆمبێلــی مۆدێل بــەرز و کەلوپەلی جوان و بەنرخــی ناوماڵ هەموو شــتێکە بــۆ ئافرەت و چیــدی پێداویســتی دەروونییەکانی ئافرەت ناخوێننەوە.

ئێمە مانان هەندێ جار لەزاری ئافرەتان خۆیانەوە دەبیســتین کە بریا مێردەکەم نانی نەبوایە بەڵام مامەڵــەی جوانی هەبوایــە لەگەڵمدا، یاخود چی لە کۆشــك و تەلار بکەم کە پیاوەکەم نازم هەڵناگرێت و ڕۆمانســی نییــە لەگەڵمدا. ئەو پیاوانەی لەم سەردەمەدا زۆر ئالودەی بەکارهێنانی کۆمپیوتــەر و ئینتەرنێت دەبن بەشــەو لەماڵەوە بەخۆیان بزانن یان نەزانن ئافرەتەکانیان هەراسان دەکەن بــەم ڕەفتارانەیان، یاخود لەئەنجامی زۆر کارکردن و زۆر سەفەر کردن بەمەبەستی کارکردن شەکەت و ماندوو دەبن، کاتێك دێنەوە ماڵەوە زوو دەخــەون و بۆ بەیانــی زوو لەماڵەوە دەردەپەڕن، یان کاتێك دەگەڕێنەوە ماڵەوە تەنیا گرنگــی بەمنداڵەکانیان دەدەن و هاوســەرەکانیان فەرامۆش دەکــەن، ئەمانــە تێکــرا ڕەوشێکی دەروونی وەها بۆ ئافرەتان دەخوڵقێنن کە جگە لەنامۆبوون و تۆرانی ڕۆحی ئافرەت هیچی لێبەرهەم نایەت. ئەم ڕەوشــە دەروونییەش هەندێ جار هاندەر دەبێت بــۆ بیرکردنەوە لەجیابوونەوە یان ناپاکی هاوسەریی. ســتەمە ئەگەر پیاو نەزانێت کە ئافــرەت پێش هەمــوو شــتێك بوونەوەرێکی ڕۆمانســییە. تەنانەت لەپەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان هاوسەرانیشدا فەرامۆشکردنی ئەم لایەنە بۆ ئافرەت مایەی دروســتبوونی ساردی سێکسییە، ئەگەرچی ڕێژەیەکی زۆر لەپیاوان خۆپەرســتانە مامەڵەی سێکســی لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەکەن بەوەی نە لەڕووی جەســتەییەوە دروســت مامەڵە دەکەن نــە لــەڕووی سایکۆلۆژیشــەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا، خۆیان لەبەرپرسیارێتی دەرهاویشتەکانی ئەم مامەڵە چەوتانە دەدزنەوە و هەمیشە دەرئەنجامە نالەبارەکان دەخەنە ئەســتۆی ئافرەت و بە ســارد و وشــك و بێ زەوق و تووڕە تۆمەتباریان دەکەن. هەندێ جار درێژە کێشــانی ئەم ڕەوشە نادروستە خێزانییە دۆزەخێك بۆ ئافرەت دەخوڵقێنێت کە جگە لە ســووتانی ڕۆح و تووشبوونی بە نەخۆشی وەك دڵەڕاوکێ و خەمۆکێ و هیســتیریا هیچی تری لێناکەوێتەوە.

یەکێك لەمامۆســتا کارامەکانی سەردەمی زانکۆم لەهەشتاکاندا کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوو لەدەروونناســیدا و ماوەی (٣٠) ســاڵ وانەبێژی زانکۆکانی عێــراق بوو ڕۆژێکیــان لەناو هۆڵی خوێندن دیالۆگێکــی لەنێوان کچان و کوڕانی دوا قۆناغی دەروونناســیدا ورووژانــد دەربارەی ژیانی هاوســەرێتی دەرئەنجامــی دیالۆگەکە وتەیەکی بەبەهــای دا بەگوێی کوڕانــدا و داوای لێکردین باش لێی تێبگەین کە کورت و پوخت وتی (مامەڵە کردنی ئافرەت هونــەرە، هەموو پیاوێك نایزانێــت، هەروەکــو چۆن هەمــوو کەســێك نازانێت و ناتوانێت ئا مێر ێکــی مۆسیقا بژەنێت)، لەڕاســتیدا ئەم وتەیە کتومت ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ڕەگەزی نێر بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە ژیانی هاوسەرییەوە پێویســتی بەوە هەیە کە ڕەگەزی مــێ بناســێت بەتایبەتی لایەنی ســۆزداری ڕەگــەزی مێینە کە دەبێــت بەهەند وەربگیرێت لەمامەڵەکردنی ژیانی هاوسەریدا.

ئەوەی جێی نیگەرانییە بەشی هەرە زۆری پیاوان بەرلەوەی بچنە ژیانی هاوسەرییەوە وەها دەزانن کە کارامە و لێزانــن لەمامەڵەکردنی ئافرەتاندا، ســوکرات وتەنی نازانن کە نازانن. بۆیە ئافرەت ناســی نەك هەر پێویســتە بۆ هەر ڕەگەزێکی نێر کــە دەچێتــە ژیانی هاوســەرییەوە، بەڵکو زامنی بەختــەوەری خێــزان و دوورکەوتنەوەیە لەئاژاوە و گرفتی خێزانی و هەڵوەشــاندنەوەی خێزان و تەنانــەت زامنی کەمکردنەوەی ناپاکی هاوسەرییە.

لە کەلتوری ئێمەی کورددا قۆناغی دەستگیرانی ئەو قۆناغەیە کە بەشێك لەکوڕان زۆرترین نمایش دەکەن و خۆیان ڕۆمانســیانە پیشان دەدەن، بەڵام هەرهێندە کەوتنە ژیانی هاوســەرییەوە ئیدی وردە وردە ڕووە ڕاســتەقینەکەی خۆیــان دەردەخەن و ئافرەت وەك نێچیرێك تەماشا دەکەن کەتەنیا و تەنیا بۆ خاڵیکردنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانیان خۆیان لێیان نزیك دەبنەوە، ئەمەش ترۆپکی خۆپەرستییە لەژیانی هاوسەریدا، هەربۆیە ئەم ڕەوشە چاوەڕوان نەکراوە بۆ ئافــرەت هەر زوو ڕۆحی دەتۆرێنێت و هەست بەشکستی دەروونی دەکات.

هەندێك لە پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە وەك هۆتێل و ڕیســتۆرانت لە ماڵەکانی خۆیان دەڕوانن، واتە تەنیا بۆ خەوتن و نانخواردن ڕوو دەکەنەوە ماڵەوە، خۆشــییەکانی ژیانیــان دەبەســتنەوە بە کۆڕ و کۆمەڵی هاوڕێیانەوە لە یانە و شــەقام و بازاڕەکانــدا، بێئەوەی ئەوە بهێننە بەرچاوی خۆیان کە هاوبەشــێك لەژیانیانــدا هەیــە و بــەردەوام لەچاوەڕوانی ئەواندایە.



دەروونناس: سامان سیوەیلی

**لەهەمـــوو جیهان هەر وڵاتە و خاوەنی کەلتوورو جلوبەرگی خۆیانن، کوردســـتانیش وەکو هەموو وڵاتان خاوەنی کەلتوورو داب و نەریت خۆیانن بەتایبەتی لەجلوبەرگ کەخاوەن ســـتایلێکی جوان و جیاوازن، کە لەڕۆژانی جەژن و بۆنەکان هەموویان جلی کوردی دەپۆشن بەتایبەتی لەڕۆژی جەژنی نەورۆز بۆ سەیران بەشێوەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ جلی کوردی دەپۆشن، ئەمەش جوانیەکی**

# پۆشینی جلی کوردی لەڕۆژانی نــــ



### ئافرەت بەجلی کوردیەوە جوانە

چنار عەلی قوتابـــی زانکۆیە و دەڵێت «ئەگەر ســـەیر بکەین داپیرە گـــەورەی هەموومان جلی کوردی پۆشـــیوە، کەچی ئێســـتا جلی کوردی پۆشین تەنیا بۆ بۆنەکانە، ئەو کچە دەشڵێ، زۆر حەزدەکەم هەموو کات جلی کوردی بپۆشم، بەڵام ناتوانـــم لەبەر ئەوەی دەوامم هەیە. چنار ئەوەش دەخاتەڕوو کە حەزدەکات هەموو ســـاڵێك جۆرە ســـتایلێك بکات بەجلی کوردی و گۆڕانکاری بەسەر جلی کوردیدا بکات.

ڕۆزە کەمال تەمەن ٢٤ ساڵ و کچی ماڵەوەیەو دەڵێت «زۆر حەز لەپۆشینی جلی کوردی دەکەم بەردەوام بۆ ماڵەوەش دەیپۆشم، چونکە ئافرەتی کورد بەجلی کوردیـــەوە جوانە، هەموو مانگێك دووجار جلی کوردی تـــازە دەکڕم بەتایبەتی بۆ بۆنەو جەژنەکان قوماشـــی گرانبەها دەکڕم بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە جلەکانم شتێکی تازەو جوان بن. ڕۆزە وتیشی «تائێستا نازانم چەند جلی کوردیم هەیە، چونکـــە ژمارەیان گەلێك زۆرە و زیاتریش حەز لەمۆدێلی کۆن دەکەم نەوەك ئەو مۆدێلانەی ئێستا پەیدابوونە.

### ئەگەر کەسێك جلی کوردی نەبێت وەك ئەوە وایە کە نەورۆزی نەکردبێت

کەبیرە عومەر بەرگدرووی ئافرەتانە لەبازاڕی کاردۆ وتـــی: بەدرێژایـــی ســـاڵ خەڵکانێك هەن کەجلـــی کوردی دەپۆشـــن و بەردەوام جلـــی تازە دەکەن، بـــەڵام لەمانگی ئادارو نەورۆزدا ڕێژەیەکی بەرچاو ئافرەتان جلی کوردی دەکڕن و دەپۆشن، لەم مانگەدا ئەمساڵ لەهەموو ســـاڵەکانی تر ئافرەتان جلی کوردیان بەدروین دا، چونکە ئەمســـاڵ لەهەموو دامودەزگاکاندا جلی کوردیان پۆشی بۆ ڕۆژی هەشـــتی مارس و زۆربەی ئەوانەی کەجلی کوردی دەکەن لەم مانگەدا گەنجن.



ئەسعەد خەیات

ئەسعەد خەیات: خاوەنی بەرگدرووی بەیروتە هەمان ڕای «کەبیرە»ی هەیەو دەڵێت: بێگومان بەدرێژایی ســـاڵ ئارەزوومەنـــدی جلی کوردی هەیە، بـــەڵام لەبەهاران و بۆنەکاندا زیاتر دەبێت بەجۆرێك نەورۆزان سەرجەم ئافرەتان جلی کوردی دەدورن، وەك دەوترێت ئەگەر کەســـێك جلی کوردی نەبێت وەك ئەوە وایە کە نەورۆزی نەکردبێت.

### ئەمساڵ زیاتر مۆدیلی جلی کوردی کلاسیکە


ئەسعەد خەیات سەبارەت بەســـتایلی جلی کوردی وتی «ئێمـــە خاوەنی دەوڵەمەترین ســـتایلین و هەرناوچەیەك خاوەنی چەند جۆرە ســـتایلێکە، ئەگەر ئێمەش تەماشـــا بکەین زیاتر پشـــت بەو ستایلانە دەبەســـتین کە بێژەر و هونەرمەنـــدەکان دەیانەوێـــت، چونکە هـــەر بێژەرێك یان هونەرمەندێك ســـتایلێکی نوێی هەیە، خەڵکیش چاو لەو





**تایبەت دەبەخشـــێت، بۆ ئەمساڵیش بەرگدروو کوتاڵ فرۆشـــەکان دەڵێن ئەمساڵ زۆرترین خەڵك جلی کوردی کڕیوە، لەبەر ئەوەی ئەمساڵ حکومەتی هەرێم ڕۆژێکی تایبەت کرد بەپۆشینی جلی کوردی، ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە کورد خاوەنی جلوبەرگی خۆیەتی، بۆ ئـــەم بابەتە ڕاوبۆچوونی چەند کەسێکمان وەرگرتووە.**

# ـــــەورۆز هێمای کوردایەتیە



هیمدا عوسمان

مۆدیلانە دەکات کە ئەوان دەیانەوێت. «کەبیرە» پێشیوایە گۆڕانکاری بەسەر سەرجەم جلی کوردی هاتووە و دەڵێت «گۆڕانکاریەکان تەنیا لەچەند شتێکی سادە دایە، بەڵام ئەمســـاڵ زۆرترین داواکاری هەیە لەسەر جلی کوردی ڕەسەن بەپێچەوانەی ساڵەکانی تر، چونکە پارساڵ زیاتر ســـتایلی مۆدە بەجلی کوردیدا دەبینرا کەچی ئەمساڵ زیاتر مۆدیلی جلی کوردی کلاســـیکە. هەر ســـەبارەت بەم باســـە «بارزان» خاوەنی کۆگای ڕۆزا لەقەیسەری گەورە دەڵێت «لەنەورۆزدا جلی کوردی زۆر دەفرۆشرێت، چونکـــە بۆتـــە نەریتێکی کوردی و خەڵـــك لەم جەژنە جلی کوردی دەپۆشـــێت، هەروەها ئەوانەی کەدێن جلی کـــوردی دەکـــڕن تەمەنیان هەرزەکار یـــان گەنج و بگرە منداڵیش، بۆ ئەمســـاڵیش زۆرتر مۆدێلی ڕەنگی ســـور و پەمەییە. «هیمداد عوســـمان» خاوەنی کوتاڵ فرۆشە لەنێو قەیســـەری و وتی «بەدرێژایی ساڵ جلی کوردی دەفرۆشـــرێت و زیادو کەمی هەیە لەبەهاراندا، کڕیاری قوماشی جلی کوردی زیارترە لەوەرزەکانی تر، وەرزەکانی تریش هەیە کەچی وەکو وەرزی بەهار نییە. هیمداد ئەوەش دەخاتەڕوو لەم وەرزەدا نرخی کوتاڵەکان گۆڕانکاری بەسەر دانەیەت.

**حەزدەکەم بۆ کاتی دەوامیش جلی کوردی بپۆشم**

کەمال ئەحمەد تەمەن ٣٠ ســـاڵ، هەموو ســـاڵێك بۆ جەژنی نـــەورۆز جلی کوردی تـــازە دەکڕێت و دەڵێت «جلی کوردی نیشـــانەی نەتەوایەتیە هەموو ســـاڵێك بـــۆ جەژنی نەورۆز جلی کوردی تـــازە دەکڕم لەگەڵ بۆنەکانی تر، چونکـــە نەورۆز بەجلی کوردیەوە جوانە. کەمال ئاماژە بەوەش دەدا حەز دەکات جلی کوردی بۆ کاتی دەوامیش بپۆشرێت نەك تەنیا بۆ نەورۆز.

**جلی کوردی پیاوانە تاڕاددەیەك کەمبۆتەوە**

ئیســـماعیل ئەمین خاوەنی دوکانـــی کوتاڵی پیاوانە ســـەبارەت بەفرۆشـــتنی کوتاڵی جلی کوردی پیاوان دەڵێت «بەدرێژایی ساڵ پیاوانی بەتەمەن کوتاڵی جلی کوردی دەکڕن، بەڵام لەبەهاراندا سەرجەم پیاوان کوتاڵی جلی کوردی دەکڕن، جا لەهەر تەمەنێك و پیشەیەك بن، زۆربەی ڕەنگەکانیـــش و بۆگەنجەکان ڕەنگی قاوەیی خاکـــی زۆر مۆدیلیەتی و بۆ پیرەکانیش هەرکەســـەو ڕەنگێك. دواتر «ســـلێمان عەلـــی» بەرگدرووی جلی پیاوان لەبازاڕی قەیسەری دەڵێت: ئێستا جلی کوردی پیاوانە تاڕاددەیەك کەمبۆتـــەوە، چونکە کەمتر پیاوان لەبەری دەکـــەن، ئەمەش وایکردووە بەدرێژایی ســـاڵ ئێمە هەســـت بەوەبکەین کە کڕیارمان کەمە، بەڵام لەم مانگەدا کڕیارمان زۆربوو و هەروەها لەڕۆژی هەشتی مارسدا سەرجەم فەرمانبەران و قوتابیان جلی کوردیان پۆشی، ئەمە بێجگە لەوەی لەمانگی ئازاردا بۆنەکان زۆرن بەتایبەتـــی جەژنی نـــەورۆز و یادەکانی ئازار و ڕاپەڕین کە زۆربەی پیاوان جلی کوردی دەدورن.

